# ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٤)
## لە ٢٠١٤/١٠/١٩

# مۆڵەتدانی خاوەن پیشە هونەرییەکان
# لە هەرێمی کوردستان
## (٢٠١٤/١١/١١)

## ڕێنمایی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٩
## سەبارەت بەمۆڵەتدانی خاوەن پیشە هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

بە پێی برگەی ( سێ یەم ) لەمادەی ( پێنجەم ) لەیاسایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ( ٢٠١٠ )ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان، وە بۆ ڕێکخستن و پەیڕەوکردنی شێوازێکی گونجاوو یاسایی لە بواری مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی ئەو کارو پیشانەی لە ڕووی تایبەتمەندییەوە مۆڵەدان وچاودێری و بەسەرکردنەویان لە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەرێمی کوردستاندایە، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد .

### بەندی یەك

**وەزیر** : وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانە .

**وەزارەت** : وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستانە .

**بەڕێوەبەری گشتی** : بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگایە .

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگایە .

**خاوەن پیشە هونەرییەکان** : هەموو ئەو کەسانەن کە مۆڵەدانیان بەدەست وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمە، بە پێی پۆلێن کردنیان لەبەندی سێیەمدا.

## بەندی دوو

## ١- مەرجەکانی مۆڵەتدان بۆ یەکەم جار :

**یەکەم :**

**هەر هاوڵاتیەك بیەوێ مۆڵەت وەربگرێ سەرەتا داواکاریەك دەداتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن دەبێت داواکارییەکە مێژووی ڕۆژی داواکارییەکەی لەسەر بێت، ئینجا** ئەو بەڵگەنامانەش دەخاتە بەردەست.

**١) دەبێ تەمەنی خوازیاری مۆڵەت لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت .**

**٢) ئەگەر فەرمانبەر بێت، دەبێ بەڕەسمی فەرمانگەکەی ڕازیبێت ئەم کارە بکات .**

**٣) فۆتۆکۆپی ڕەگەزنامەی عیراقی (الجنسية العراقية) .**

**٤) شوناسنامەی کاروباری شارستانی (هوية الاحوال المدنية)، وە بۆ کوردانی پارچەکانی دیکە دەبێت ئیقامەی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بەمەرجێك لە (١) یەك ساڵ کەمتر نەبێت.**

**٥) وێنەی تازە .**

**٦) بڕوانامەی خوێندن، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە بەمەرجێ کە بیسەلمێنێ** خوازیاری مۆڵەت خوێندەواری هەیە .

**٧) پشتگیری باجی دەرامەت، بۆ سەلماندنی ئەوەی قەرزاری دەوڵەت نیە و باجی** دەرامەتی ئەو ساڵەیەشی داوە کە مۆڵەتی تێدا وەردەگرێ .

**٨) ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (کاروباری ناوخۆ، یان ئاسایشی پارێزگا) بۆ ئەوانەی کەجاری یەکەم مۆڵەت وەردەگرن .**

**٩) بەڵگەنامەی وەرگرتنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی پارێزگا بۆ یەکەم مۆڵەت وەرگرتن و تەنها ئەوانەی کاری بازرگانی دەیانگرێتەوە .**

**١٠) گرێ بەستی دوکان یان کار یان شوێن، یان نووسینگە، کە کاری تێدا دەکات، بەمەرجێ لە بەڕێوەبەرایەتی باجی مولکایەتیدا پەسەند کرابێ و ڕەزامەندی لەسەر کرابێ .**

**١١) هاوڵاتی بۆی هەیە لە مۆڵەتێك زیاتری هەبێت، بەمەرجێك بریکاری ڕەسمی بۆ شوێنەکانی دیکەی هەبێت.**

**دووەم :** خوازیاری مۆڵەت دەبێ بەڵێن بدات کە پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت لەم بوارانەی خوارەوە:-

١) بەر لەتەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەی دەبێ داوای تازەکردنەوەی بکات .

٢) ڕۆژی یەکەمی دوای تەواوبوونی مۆڵەتی پێشووی بەیەکەم ڕۆژی مۆڵەتی تازەی دەژمێردرێ گە هاتوو ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتدانەوەی کرا .

٣) لەکاتی فرۆشتن، یان کڕین، یان گواستنەوە، یان گۆڕینی ناوی کۆمپانیا، یان بەشەکان، یان هەر کارێکی دیکەی پەیوەندار بەگۆڕانکاری لەکارەکەیدا دەبێ مۆڵەتدراو لەگۆڕانکاریەکان بەنووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بکات، دەبێت ڕەزامەندی پێشوەختەی وەربگرێت .

**سێیەم :** ماوەی مۆڵەت لەنێوان (١ ساڵ بۆ ٢ ساڵ) .

**چوارەم :** مۆڵەتدراو دوای تێپەڕبوونی (٦) شەش مانگ بەسەر مۆڵەتەکەیدا بەبێ بیانوی یاسایی، ئەگەر داوای تازەکردنەوەی نەکردبێت، ئەوە ڕاستەوخۆ مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پێ دەردەچێت. هەر کاتێکیش بیەوێ مۆڵەت وەربگرێتەوە ئەوە وەك مۆڵەت خوازێکی تازە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ

پێنجەم : هەموو ئەو کەسانەی وەکو کەسی دووەم، یان سێیەم، یان وەکو وەکالەت لەجیاتی کەسی یەکەمی مۆڵەتدراوەوە کاردەکەن، دەبێ شوناسنامەی تایبەتیان پێ بدرێت دوای ئەوەی ڕەزامەندی بۆ وەردەگیرێ، ئەوانیش کە وەکو نمایندە کاردەکەن دەبێ لە (کاتب العدل)ەوە وەکالەتی ڕەسمیان بۆ کرابێت لەلایەن کەسی مۆڵەتدراوەوە لە پاڵ ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ .

## ب / مەرجەکانی تازە کردنەوەی مۆڵەت :

یەکەم : هەر هاوڵاتیەك بۆ تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەی داواکاریەك دەداتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکەی خۆی، تیایدا داوای ڕەزامەندی کردن لەسەر داواکەی دەکات، پاش ڕەزامەندی ئەم بەڵگەنامانە دەخاتە ڕوو :

١) بەڵگەنامەی دانی باجی دەرامەت بۆ ئەو ساڵەی کە مۆڵەتی تێدا وەردەگرێ .

٢) دوو وێنەی تازە .

٣) گەڕاندنەوەی ناسنامە و ئەنکێتی مۆڵەتی ساڵی پێشوو .

٤) بەڵگەنامەی ڕەزامەندی [illegible] ئەگەر گرفتێك لەکارەکەیدا هەبێت .

دووەم : لەکاتی تازەکردنەوەی مۆڵەت، دوای ڕەزامەندی، ڕۆژی دوای تەواو بوونی مۆڵەتی پێشووی بەیەکەم ڕۆژی مۆڵەتی تازە بۆ دادەنرێت .

### بەندی سێ

یەکەم : ئەم پیشانەی خوارەوە مۆڵەتی یاسایی دەیانگرێتەوە و هەموو ئەو کەس و هاوڵاتیانەی لەم بوارانەدا کاردەکەن دەبێ مۆڵەتی یاساییان هەبێت، بە پێچەوانەوە بواری کارکردنیان نادرێت .

دووەم : بۆ بواری هەر پیشەیەکی تری نوێ [illegible] پیشانە [illegible]، [illegible] پیشەکە دەبێ مۆڵەتی یاسایی بۆ وەرگرێت .

**پیشەکان :**

١/ چاپخانە ئەهلی یەکان بەهەموو جۆرە ئۆفسێت و لاینۆوە .

٢/ کۆمپانیا هونەرییەکان .

٣/ شوێنەکانی چاپی سکرین .

٤/ سینەما ئەهلی یەکان لەگەڵ گەشت و گوزار .

٥/ نووسینگەی زەنگۆگراف .

٦/ نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان .

٧/ نووسینگە و مەڵبەندەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت .

٨/ سەنتەرەکانی فرۆشتنی CD و DVD.

١٠/ سەنتەری پیشەیی هونەرە جوانەکان .

١١/ سەنتەرەکان و نووسینگەکانی ریکلام .

١٢/ تۆمارگەکانی دەنگ (کاسێت) دەبێت رسومی زۆر بکرێت.

١٣/ ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ .

١٤/ فۆتۆکۆپی و کەپسی ناسنامە .

١٥/ نووسینگەکانی نەخشەسازی، بیناسازی .

١٦/ نووسینگەکانی جۆر بەلکەنەدن .

١٧/ کتێبخانە و پەڕاوگەکان .

١٨/ نووسینگەکانی خۆشنووسی بەهەموو بەشەکانیەوە .

١٩/ ئیعلاناتی (ضوئی) و فلیکس .

٢٠/ تاقیگەکانی وێنەگرتن .

٢١/ ستۆدیۆکانی وێنەگرتن .

٢٢/ نووسینگەکانی ڤیدیۆ .

٢٣/ وێنەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆ .

٢٤/ وێنەگرانی گەڕۆکی فۆتۆگرافی

٢٥/ وێنەگرانی بەر دەرگاو .

٢٦/ نووسینگەکانی تەجلیدی کتێب

٢٧/ دروستکردنی پێڵاوی پلاستیکی

٢٨/ ستۆدیۆی دەنگی.

## بەندی چوار

## چاپخانە ئەهلی یەکان _ ئۆفسێت و لاینۆ

تازەکردنەوەی مۆڵەت، خاوەن چاپخانە دەبێ پابەندی ئەم خاڵانەش بێت :-

**یەکەم :** دەبێ چاپخانەکە بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی هەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی چاپخانەکە .

دووەم : هەڵواسینی تابلۆیەك و ئەم خاڵانەی خوارەوە تیادا دیار کرابێ .

١) ناو ناونیشانی خاوەن چاپخانەکە، کرێکارەکانی لەگەڵ مۆڵەتەکانیان .

٢) جۆری ئەو ئامێرانەی لە کارەکەیدا بەکاریان دێنێ و شوێن و جێگەی دروست کردنیان، وێڕای بەڵگەنامەی کڕینی ئامێرەکە .

**سێیەم :** دەبێ تۆمارو دۆسیەیی تایبەت هەبێت، بۆ کاتی بەسەر کردنەوەو چاودێری .

**چوارەم :** هەموو ئەو کارمەندانەی لەچاپخانەدا کاردەکەن دەبێ بەڕەسمی مۆڵەتدرابن و ناسنامەیان هەبێت .

**پێنجەم :** هەر ڕێنمایەکی دیکە لەداهاتوودا هەبێ یان بەنووسراوی تایبەت یان لەڕێگەی لیژنەی پشکنینەوە دەدرێتە چاپخانەکان .

## بەندی پێنج

## کتێبخانەکان :

بۆ مۆڵەتدانی کتێبخانەکان ئەم خاڵانەش دەبێ پەیڕەو بکرێن : -

**یەکەم :** ئەو کتێبخانەیەی ئامێری فۆتۆکۆپی بەکاربهێنێت، دەبێ ڕووبەری کتێبخانەکەی لە (١٦) مەتری چوار گۆشە کەمتر نەبێت .

**دووەم :** دەبێ جگە لەوەرگرتنی مۆڵەتی کتێبخانە، مۆڵەتی فۆتۆکۆپیش وەربگرێ .

**سێیەم :** گەر کتێبخانەکە (کۆشك) بوو، دەبێ خاوەنەکەی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگا وەربگرێت .

چوارەم : هەر کتێبخانەیەکی مۆڵەتدراو، گەر لقێکی دیکەی بەجیا هەبێت، یان لەدوکانێکی بەجیا دایبنابێت، ئەوە دەبێ مۆڵەتدراو بۆ ئەمەشیان مۆڵەتی یاسایی بەجیا وەربگرێت .

## بەندی شەشەم

## مەڵبەندەکانی کۆمپیوتەر و شوێنەکانی چاپی سکرین و زەنگۆگراف و نەقش

داواکارانی مۆڵەت بۆ کاری کۆمپیوتەر و چاپی سکرین دەبێ بەووردی پابەندی ئەم خاڵانەش بن :-

یەکەم : مۆڵەتدراوان بۆیان نیە بە هیچ شێوەیەك کتێب، یان گۆڤار، یان ڕۆژنامە، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە، یان کیس و کەتیبەی پەیوەندار بە کەرەستەو ئامرازی بواری ئاسایشەوە، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگا چاپ، یان ڕەنووس بکەن .

دووەم : لەکاتێکدا کە مۆڵەتدراو بۆی نەکرێ لەشوێنی کارەکەدا کار بکات، دەبێ وەکالەتێکی گشتی لە (کاتب العدل) بۆ جێگرەکەی بکرێت، لە پاڵ ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری (باجی دەرامەت) .

سێیەم : هەرچاپکراوێکی چاپ دەکرێت، دەبێ ناوی سیپانەی نووسینگەی بەسەرەوە بێت، بۆ زەنگۆگراف و سکرینیش دەبێ بەووردی ناوی تەواو و مۆڵەتی ئەو دەزگایە تۆمار بکات کە کارەکەی بۆ ئەنجامدراوە، لەکاتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکانیش مۆڵەتدراوەکە بەپێی یاسا سزا دەدرێت

چوارەم : هەردوو دەزگای کۆمپیوتەر و سکرین دەبێ تۆمار و دۆسیەی تایبەتیان هەبێت و هەموو ئەو کارانەی لە ئەنجامی دەدەن تیایدا تۆمار بکرێن و هەڵگیرێن و لەکاتی پشکنین بخرێنە ڕوو .

## بەندی حەوتەم

### سینەما ئەهلی یەکان :

**یەکەم :** هەموو سینەما ئەهلییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبێ لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مۆڵەت وەربگرن .

**دووەم :** هەموو ئەو فلیمانەی نیشان دەدرێن، دەبێ لەرێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە، کە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك دێت، مۆڵەت بدرێن، هەرفلیمێکی بەبێ مۆڵەتیش نیشان بدرێت ئەوە خاوەن سینەما لێی بەرپرسەو بەپێی یاسا سزا دەدرێت .

**سێیەم :** هەموو ئەو ڕەسم و تابلۆیانەی کە لەناو و دەرەوەی هۆڵی سینەماوە کە لەدەواسرێن، دەبێ بەمۆری تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مۆرکرابن، بەمەرجێ لەرووی داب و نەریت و رەوشتی بەرزی کوردەوارییەوە جێگەی گلەیی و سەرنج و سەرزەنشتی هاووڵاتیان نەبن بە پێچەوانەشەوە لیژنەکانی پشکنین بۆیان هەیە سەرپێچی کاران بە پێی یاسا ئاگاداربکەن و رەفتاریان لەگەڵدا بکەن .

**چوارەم :** خاوەن سینەما بۆی نیە هیچ فلیمێکی نەگونجاوو ناشیاوو قەدەغەکراو کارپێبکات، بە پێچەوانەوە بە پێ ی یاسا سزا دەدرێت .

**پێنجەم :** دەبێ لەهەموو سینەماکاندا تۆماری تایبەت هەبێ و ئەم زانیارانەی تێدا تۆمار کرابێ :

١) ناوی فلیمەکەو ئەو دەزگایەی بەرهەمی هێناوەو ناوی دیارترین نمایش کەران و دەرهێنەری فلیمەکە .

٢) ژمارە و رۆژی نووسراوی و مۆڵەتدانی فلیمەکە .

٣) رۆژی بەکارخستنی فلیمەکەو رۆژی کۆتایی هاتنی .

٤) ناوی خاوەن فلیمەکە، یان ناوی بەرهەم هێنەرەکەی .

**شەشەم :** دەبێ لەئیدارەی سینەمادا تۆمارێکی تایبەت هەبێت بۆ کاری چاودێری و پشکنین، لە پاڵ بوونی دۆسیەکی تایبەت بەرێنماییەکان .

**حەفتەم :** دەبێ سینەما پابەندی ئەوەبێت کە فلیمەکە پارچە پارچە نەکات و بەتەواوی نیشانی بدات .

**هەشتەم :** هۆڵی نیشاندان دەبێ هەموو مەرجەکانی تەندروستی تێدابێت، چ لە ڕووی ڕووناکیەکی کزو چ لەڕووی ئاڵوگۆڕی هەواوە .

**نۆیەم :** دەبێ لەنێوان هەر نیشاندانێکدا، بەلایەنی کەم ماوەی نیو سەعات پشودانێك هەبێت، بۆ پاککردنەوەو گۆڕانی هەوای هۆڵەکە .

**دەیەم :** لە ڕۆژێکدا نابێ لەیەك فلیم زیاتر کاری پێ بکرێ .

**یازدەم :** خاوەن سینەما، یان جێگرەکەی بەمەرجێ مۆڵەتدراو بێت ، دەبێ بەبەردەوامی تەماشەی نیشاندانی فلیمەکە تەواو دەبێت، لەسینەما ئامادە دەبێت .

**دوازدەهەم :** هەموو ئەوانەی وەکو کارمەند لە سینەمادا کاردەکەن، دەبێ ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەبێت .

**سێزدەهەم :** دەبێ سینەماکە لەڕووی جوانکاری و لێوەشاییەوە بەرچاو و دیار بێت .

**چواردەهەم :** لێژنەی پشکنین و چاودێری بۆی هەیە لەهەر سات و کاتێکدا سەردانی سینەما بکات و ئەو فلیمە دەست بەسەردا بگیرێت کەمەرجی یاسایی تێدانیە، تەنانەت بۆشیان هەیە لەنێو کۆنترۆل تافلیمەکە تەواو دەبێت چاودێری فلیمەکە بکەن .

<u>بەندی هەشت</u>

* تاقیگە و ستۆدیۆکانی وێنەگرتن .

* وێنەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی .

* وێنەگرانی بەرهەتاو .

مۆڵەتدان بۆ ئەم جۆرە بابەتە کار بە ڕێنمایی مۆڵەتدانی وێنەگران لە کوردستان (کە بە ژمارە (٧٩٦٩) لە ٢٠١٢/٨/٢١ دەرچووە). بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان دەکرێت

## بەندی نۆ

## نووسینگەکانی مۆر هەڵکەندن :

**یەکەم :** مۆڵەداتدراو دەبێ تۆمارێکی هەبێت نموونەی هەموو ئەو مۆرانەی تێدابێت کە ڕۆژانە دروستیان دەکات، لە پاڵ ناوی ئەو کەسانەی مۆرەکە بەکردن دەدەن و ئەوانەی وەری دەگرنەوە لەگەڵ ژمارەو ڕۆژی ئەو نووسراوەی لە دەزگا بەر پرسەکانەوە پێیان دراوە بۆ دروستکردنی ئەو مۆرانە، ئەویش بە پێی مەرجی یاسایی و ئەو ڕێنماییانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دادەنرێتن .

**دووەم :** دەبێ تۆمارەکە بەڕوونی ناو و ناونیشانی ئەو کەسە، یان ئەو لایەنەی تیادا بنووسرێ کە داوای دروستکردنی مۆرەکەی کردووە .

**سێیەم :** هەردوو مانگ جارێك بەنووسراوێکی تایبەت و لە تۆمارێکی تایبەتدا نموونەی هەموو ئەو مۆرانەی دروستکراون دەدرێنە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ ئەو نووسراوانەی بۆ دروستکردنی مۆرەکان لە دەزگا و دایەرە و حزب و لایەنەکانەوە وەریان گرتوون، هەموو ئەم زانیاریانەش دەبێ لەتۆماری سەرەکی نووسینگە تۆمارکرابن .

**چوارەم :** لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەموو کات و ساتێکدا بۆی هەیە نووسینگەکە بە هەموو بەشەکانیەوە بەسەر بکاتەوەو بپشکنێ .

پێنجەم : ئەو تیپانەی کە بۆ کاروباری مۆر هەڵکەندن دروستی دەکەن، یان دایدەڕێژن، دەبێ بەنووسراوی ڕەسمی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داوا لە چاپخانەکان بکرێت بۆ دابین کردنی دوای داواکردنی خاوەن مۆڵەت خۆی .

**شەشەم :** خاوەن نووسینگە لە هەرکارێکی نایاسایدا بەر پرس دەبێت .

**حەفتەم :** لەکەسی مۆڵەتدراو بەولاوە کەسێکی دیکە بۆی نیە لەکارگەکەدا کاربکات، بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار توندترین سزا دەدرێت

## بەندی دەیەم

**نووسینگەکانی :**

**أ- بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن .**

**ب- تۆمارگەکانی دەنگ ( تسجيلات ) .**

**ج- نەخشەساز و دیکۆرکێشانی بواری ڕاگەیاندن .**

**د- ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ**

هەموو ئەو شوێن و دەزگایانەی سەرەوە دەبێ پابەندی ئەم خاڵانەی بن :-

**یەکەم : دەبێ پابەندی هەموو ئەو ڕێنماییانە بن کە بۆ کارەکانیان دەردەکرێن .**

**دووەم : لە هەموو نووسینگەکاندا دەبێ تۆماری تایبەت بەکاروباری پشکنین هەبێت، لە پاڵ دۆسیەی نووسراو و ڕێنماییەکانی وەزارەت .**

**سێیەم : تۆمارگەکانی دەنگ دەبێ تۆماری تایبەتیان هەبێت، بۆ ئەو کاسێتانەی بڵاوی دەکەنەوە، هەرکاسێتێکیش مۆڵەتی ڕەسمی نەبێت لە دەزگا پسپۆڕەکانەوە ئەوە بە پێی یاسا** [illegible]ەوە و خاوەن تۆمارگە نابێ بەکاریان بێنێ و بڵاویان بکاتەوە

چوارەم : تۆمارگەکان دەبێ ئەو کاسێتانە بڵاو نەکەنەوە [illegible] کە لە پیرۆزی گەل بەکەمیان دەگەیەنن .

**پێنجەم : لەکاتی فرۆشتن و گواستنەوەی دوکان، یان نووسینگە، یان تۆمارگە، دەبێ پێشتر بەنووسین ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت .**

**شەشەم : هەرسەرپێچیەکی لەکارەکاندا بکرێت بە پێی یاسا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێنرێت و سزا دەدرێت .**

## بەندی یازدەیەم

**نووسینگەکانی :**

**أ- فۆتۆكۆپی (استنساخ)**

**ب- كەپسی ناسنامە (كبس الهويات)**

**ج- پەڕاوگە (القرطاسية)**

داواكارانی مۆڵەتی ئەم پیشانەش دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوەش پەیڕەو بكەن :-

یەكەم : ئەو كەسانەی داوای مۆڵەتی ئەم پیشانە دەكەن دەبێ شوێنی دیارو گونجاویان هەبێ بەمەرجێ لەگەڵ سروشتی پیشەكانیاندا ڕێك بكەوێ .

دووەم : داواكاری مۆڵەت دەبێ خۆی كاروباری شوێنە مۆڵەتدراوەكە بە ڕێوەببات و لەو بترازێ نابێ كەسی دووەم، یان هەركەسێكی دیكە لەو شوێنەدا دەست بەكاربێت، تەنیا گەر وەكالەتی گشتی یان تایبەتی لە (كاتب العدل)ەوە هەبێت .

سێیەم : لەو پیشەیەی كە مۆڵەتی بۆ وەرگرتووە بترازێ، نابێ كارێكی دیكەی جیا لەهەمان شوێندا ئەنجام بدا .

چوارەم : مۆڵەتدراوانی پیشەیی فۆتۆكۆپی و تایپ كاری هەر كارێكی نامەشروع و قەدەغەكراو ئەنجام بدەن ئەوە بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكرێ .

پێنجەم : مۆڵەتدراوانی ئەم پیشانەی سەرەوە لەكاتی فرۆشتن، یان كڕین، یان گواستنەوە، یان هەر كارێكی دیكەی پەیوەست بەگۆڕانكاری لەكارەكانیدا دەبێ لەماوەی دووهەفتەدا، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری پارێزگای لێ ئاگاداربكەنەوە .

## <u>بەندی دوازدەیەم</u>

## نووسینگە و تۆمارگەکانی ڤیدیۆ و CD و DVD وDی ڤی کام

ئەم پیشانەش ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە دەیانگرێتەوە :-

**یەك** : مۆڵەتدراو دەبێ پابەندی هەموو بنەماکانی داب و نەریتی کوردەواری بێت و بەهیچ جۆرێك نابێ ئەو فیلمانە بڵاوبکاتەوە، یان تۆماربکات کەکاری خراپ یان زیان بەخش بەکۆمەڵگای کوردەواری دەگەیەنێ .

**دوو** : هەموو ئەو فیلمانەی لە نووسینگەکە، یان لەتۆمارگەکەدا دایان دەنێ، دەبێ لەتۆمارێکی تایبەتدا تۆمار کرابن و مۆری دەزگا پسپۆڕەکانیان پێوەبێت و لەڕووی یاساییەوە مۆڵەت درابن .

**سێ** : لیژنەی چاودێری و پشکنین بەردەوام ئەو نووسینگانە بەسەر دەکاتەوەو بۆی هەیە لەهەر کات و ساتێکدا ئەو شوێنانە کەبس بکات و ئەو فیلمانەی لەبەر دەستان یەکە یەکە بیان پشکنێ و سەرنجیان بدات و ئەوانەی قەدەغەن دەستیان بەسەر دابگرن و خاوەنەکانیشیان بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دابکرێت .

**چوار** : دەکرێ مۆڵەت بدرێتە ئەو کۆمپانیاو نووسینگانەی کە فلیم لەدەرەوە هەرێم دێنن بەنیازی کڕین و فرۆشتن و مامەڵە پێکردن، هەروەها ئەو دەزگایانەش کە فلیم بەرهەم دێنن، ئەویش لەڕگەی خاوەن یان نوێنەری دەزگاکە .

**پێنج** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنوێنەرایەتی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم بۆی هەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی بخوازێ مۆڵەتەکە لەیەک لاوە هەڵبوەشێنێتەوە ، هەرکاتێکیش هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە نەمان ئەوە بۆی هەیە دووبارە داوای مۆڵەت بکاتەوە

**شەش** : دەبێ ئەو بابەتانەی لەسەر کاسێتەکە تۆمار دەکرێن لەلایەن دەزگا پسپۆڕەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە مۆڵەتدرابن و هیچ گرفتێکیان نەبێت .

**حەڤت** : ئەگەر خاوەن مۆڵەتەکە مرد، یان مەرجێك لەمەرجە یاساییەکانی لەدەست دا ، یان هیچ پەیوەندیەکی بەنووسینگەکەوە، ئەما ئەو کاتە مۆڵەتەکە بەهەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێ و نابێ کاری پێ بکرێ تا ئەو کاتەی ڕەزامەندی وەزیر وەردەگیرێ بۆ ئەوەی کارەکە لەلایەن کەس و کاریەوە بەڕێوەبچێت .

**هەشت :** کەسی مۆڵەتدراو ئەگەر نووسینگەکە بفرۆشێت، یان واز لەبەشێکی بێنێت بۆ یەکێکی دیکە، ئەوە دەبێ ئەو کەسەی دەیکڕێ هەموو مەرجەکانی ئەم ڕێنماییەی تێدا بەدی بێت و دەبێ داواکاریەکەش پێشکەش بکات بۆ گوێزانەوەی مۆڵەتەکە بۆ سەر ناوی خۆی ، چ هەموو مۆڵەتەکە بێت یان بەشێکی بێت .

**نۆ :** مۆڵەتدراو دەبێ ئەم تۆمارانە لە نووسینگەکەیدا هەبن :

١) تۆمارێك بەناونیشانی ئەو کاسێتانەی لە نووسینگەکەدا هەن .

٢) تۆمارێك بۆ لیژنەی پشکنین و بەسەرکردنەوە

٣) تۆمارێك بۆ ئەو کاسێتانەی لەلایەن لیژنەی چاودێری و دەزگا بەرپرسەکان دەبردرێن بۆپشکنین و بەسەر کردنەوە .

٤) دۆسیەکی تایبەت بەنووسراوو ڕێنماییەکان کە بۆ کاری ڕۆژانە بەکار دێن .

**دە :** دەبێ ناوی کۆمپانیاو ئەو دەزگایەی فلیمەکەی بەرهەم هێناوە، لەگەڵ ئەوەی دابەشی دەکات لەگەڵ ژمارەی مۆڵەتەکەی لەسەر کاسێتەکە لەدەرەوەو ژوورەوە تۆمار کرابێت.

**یازدە :** نووسینگەکانی ڤیدیۆ ئەوانەی کاری وێنەگرتن و کاسێت فرۆشی دەکەن، لەگەڵ ئەو تۆمارگایانەی تەنها کاری تۆمارکردن دەکەن، هەموو ئەو برگەو خاڵانەی سەرەوە وەکو یەك دەیانگرێتەوە .

**دوازدە:** هەموو ئەو کەسانەی بەبێ مۆڵەت کاسێت و فلیمی ڤیدیۆیی دەفرۆشن و مامەڵەی پێ دەکەن، لەم کارە قەدەغە دەکرێن و لەکاتی سەرپێچی کردندا دەست بەسەر کاسێت و فلیمەکانیاندا دەگیرێت و خۆشیان سزا دەدرێن .

## بەندی سیازدەیەم

### نووسینگەکانی :

أ- خۆشنووسان

ب- ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس

ج- کۆلین و نەخشی سەردار و مەڕمەڕ و بەرد

د- نەخشەسازی بەرگی کتێب و دیکۆراتی زەخرەفە

هەموو ئەو نووسینگانەی سەرەوە دەبێ پابەندی ئەم خالانەش بن کە لەخوارەوەدا هاتوون :-

یەك : دەبێ شوێن و نووسینگەی تایبەتیان هەبێت بۆکاری ڕۆژانەیان .

**دوو :** سەرجەم خۆشنووسان دەبێ پابەندی یاساو ڕێساکانی خۆشنووسی بن و دەبێ لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیرییان لێ بکرێ .

**سێ :** داواکاری مۆڵەت بۆ یەکەم جار دەبێ لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیری لێ بکرێ و لەو تاقیکردنەوەیەش سەربکەوێ کەلەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە دەکرێت .

**چوار :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەهاوکاری کۆمەڵەی خۆشنووسان لیژنەیەکی تایبە تمەندی تاقیکردنەوە پێکدێنێ بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرو دوو کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمەڵە لە پسپۆڕانی بواری خۆشنووسی بۆ تاقیکردنەوەی ئەو کەسانەی داوای مۆڵەت دەکەن .

**پێنج :** هەموو خاوەن نووسینگەکانی لەسەرەوە دیارکراون لە خۆیان و وەکیل و کارمەندە هاوکارەکانیان بتوانێ تابێ کەسێکی دیکە لەنووسینگەکانیاندا کاربکات، بەمەرجێ وەکیل و کارمەندەکانیان بەڕەسمی مۆڵەت درابن، یان وەکالەتی گشتی (کاتب العدل)یان هەبێت .

**شەش :** لەکاتی فرۆشتن و گوێزرانەوەی نووسینگە، یان هەر گۆڕانکاریەك کە لەنووسینگەکەدا ڕوویدات مۆڵەتدراو پێش دوو هەفتە دەبێ بەنووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆی لێ ئاگاداربکات .

**حەوت :** خاوەن نووسینگەکانی خۆشنووس و ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس دەبێ پابەندی ئەم خالانە بن :-

١) پەیڕەو کردنی لایەنی ڕێك و پێکی و جوانکاری لە نووسینگەکەدا .

٢) مۆڵەتەکەی لەشوێنێکی بەرچاو لەنێو نووسینگەکەدا هەڵبواسێت .

٣) هەرنووسینێکی دەینووسێت دەبێ ناوی خۆی لەسەر بنووسێت .

## بەندی پازدەیەم
## ئەحکامی گشتی

**یەکەم :** بۆ بەسەر کردنەوەو بەدواداچوونی کاروباری ڕۆژانەی مۆڵەتدراوان لەهەر پارێزگایەکدا، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەکی چاودێری و پشکنین پێك دێت بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و چەند کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی ، بەبەشداری نوێنەرانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، لیژنەکەش هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی دەبێت بۆ جێ بەجێ کردنی خاڵ و بڕگەو بەندەکانی ئەم ڕێنماییانە :

## بەندی شازدەیەم
## داهات : یان باجەکانی مۆڵەتدان :

**یەك :** داهات : یان باجی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەت بە پێ ی خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییاندا وەردەگیرێ و کۆ دەکرێنەوە .

**دوو :** پارەکان بە پێ ی پسوولەی ( محاسبە ۳۷ أ ) وەردەگیرێن و کرێ ی پشکنین و چاودێری و بەسەر کردنەوەش، ماوە ماوە بە پێ ی فەرمانێکی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار بەسەر سەرۆك و ئەندامانی لیژنەدا دابەش دەکرێت بە پێی ڕێنماییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان

# خشتەی هەموارکراوی ڕسوماتی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی

| ژ | جۆری پیشەکان | پارەی مۆڵەت بۆ یەکەم جار | پارەی تازەکردنەوە | پارەی کەشف |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- | چاپخانەی پلە - ١ | ١١٢٥٠٠ | ٧٥٠٠٠ | ٧٥٠٠ |
| ٢- | چاپخانەی پلە - ٢ | ٤٥٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٣٧٥٠ |
| [illegible] | کۆمپانیای هونەریەکان | ٩٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| ٤- | چاپی سکرین | ٦٧٥٠٠ | ٤٥٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| ٥- | سینەماکان | ١٥٠٠٠٠ | ١١٢٥٠٠ | ١١٢٥٠ |
| ٦- | مەلبەندی کۆمپیوتەر | ٤٥٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٣٧٥٠ |
| ٧- | تاقیگەکان | ٦٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | ٧٥٠٠ |
| ٨- | تیپە مۆسیقیەکان | ٣٠٠٠٠ | ٢٢٥٠٠ | ٧٥٠٠ |
| ٩- | ئیعلاناتی ضوئی | ٢٢٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ١٠- | تۆمارگای ڤیدیۆ | ٣٠٠٠٠ | ٢٢٥٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ١١- | نووسینگەی ئاسایی ڤیدیۆ | ٢٢٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ١٢- | بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن | ٢٢٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| ١٣- | تۆمارگای دەنگ | ٢٢٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤٥٠٠ |
| ١٤- | نەخشەساز و دیکۆر | ١٥٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٣٧٥٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧٥٠ | ١١٢٥٠ | ١٥٠٠٠ | مۆرهەڵکەندن | -١٥ |
| ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | خۆشنووس پلە – ١ | -١٦ |
| ٣٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ١٠٠٠٠ | خۆشنووس پلە – ٢ | -١٧ |
| ٣٧٥٠ | ١١٢٥٠ | ١٥٠٠٠ | فۆتۆکۆپی عادی ([illegible]) | -١٨ |
| ٣٧٥٠ | ١٥٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | فۆتۆکۆپی ملون | -١٩ |
| ٧٥٠٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | ستۆدیۆی وێنەگرتن | |
| ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | کتێبخانەکان | -٢١ |
| ٧٥٠٠ | ٢٢٥٠٠ | ٧٥٠٠٠ | قرطاسیە پلە - ١ | -٢٢ |
| ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | قرطاسیە پلە – ٢ | -٢٣ |
| ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | ١١٢٥٠ | کەپسی ناسنامە | -٢٤ |
| ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | ١١٢٥٠ | وێنەگرتنی ڤیدیۆ | -٢٥ |
| ٣٠٠٠ | ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | وێنەگرتنی فۆتۆگراف | |
| ٣٠٠٠ | ٣٧٥٠ | ٧٥٠٠ | وێنەگرتنی بەرهەتاو | -٢٧ |
| ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ٧٥٠٠ | بەردەست و شاگردی تاڤیگەکان | -٢٨ |
| ٧٥٠٠ | ٤٥٠٠٠ | ٩٠٠٠٠ | سەنتەری تۆمارکردنی CD | -٢٩ |
| ٣٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠٠ | دەسفرۆشی CD وکتێب هتد.. | -٣٠ |
| ٣٧٥٠ | ٢٢٥٠٠ | ٤٥٠٠٠ | زەنگۆگراف | -٣١ |
| ٧٥٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | نووسینگەکانی مۆبایل | -٣٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٥٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان | -٣٣ |
| ٧٥٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | نووسینگەکانی فێرکردنی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت | -٣٤ |
| ٧٥٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | نووسینگەکانی کردنەوەی ئیمێڵ | -٣٥ |
| ٧٥٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | نووسینگەی دۆبلاژ | -٣٦ |
| ٧,٥٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | نوسینگەکانی تجلیدی کتێب | -٣٧ |
| ٧,٥٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | دروست کردنی پێناسی پلاستیکی | [illegible] |
| ٧,٥٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠ | ستۆدیۆی دەنگی | -٣٩ |

## بەندی حەڤدەیەم

## سزاکان

لە کاتی سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکان خاوەن پیشە بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت :-

١- ئاگادارکردنەوە .

٢- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٢) تـــا (١٥) ڕۆژ .

(ئەگـەر لـە مـاوەی (١) یـەك سـاڵ (٢) دوو جـار شـوێنەکەی داخـرا ئـەوا مۆڵەتەکـەی بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە) .

## بەندی هەژدەیەم

هەموو بەندەکانی ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە کاریان پێ دەکرێ هەر ڕێنماییەکیش لەگەڵیدا نەگونجێ و پێچەوانە بێت، هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێت.

خالد عبدالرحمن دۆسکی
وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

وێنەیەک بۆ:-

*وەزارەتی ناوخۆ/ نووسینگەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ/ بۆ ئاگاداری و پاڵپشتی ...لەگەڵ ڕێزدا.
*وەزارەتی دارایی وئابووری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ بۆ ئاگاداری... لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگاکانی/ هەولێر، دهۆك، سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ/ بۆچاودێری و هاوکاری .لەگەڵ ڕێزدا.
* گشت بەڕێوەبەرایەتی یە گشتیەکانی سەربە وەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .
*بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئاسایشی/ هەولێر، دهۆك، سلێمانی/ بۆئاگاداری ... لەگەڵ ڕێزدا.
* ب. یاسا/ لەگەڵ سەرەتاکان .
*دۆسیەی تایبەت.
*سوڕاو.